# فیدرالی...
## لەنێوان لکاندن و جیابوونەوەدا

مەلاشاخی

چاپی یەکەم
٢٠٠١

**فیدرالی...لەنێوان لکاندن و جیابوونەوەدا**


- **مەلاشاخی**
- **چاپی یەکەم**
- ٢٠٠١

# کورد نه لکاندنی زۆرەملیّ ی دەویّ
# نە جیابوونەوە خوازیشە!

دوابەدوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی قۆناغێکی نویّ، قۆناغی سەرلە نویّ دابەشکردنەوە وبە تالاّن بردنی خێر وبێری کوردستان دەستی پێکردەوە .شارستانیەت و دیرۆکی پڕ لە سەروەری کورد، کەوتە بەر مەترسی ڕەشەبایی شۆڤینیەتی دەوروبەر.ناچار لە پێناو مانەوەو بۆ سەندنەوەی مافە زەوت کراوەکانی خۆی خویچنی هەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلەی کردبوو بە هەوێنی دەیان شۆڕش ڕاپەڕین .ئیتر هەرکاتیّ جولاّنەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان گەشەی کردبیّ، هەنگاوی بەرەو پێشکەوتنی کۆمەلاّیەتی وبوژانەوەی ئابووری نابیّ، مرۆڤی کوردیش وەکو هاوشێوەکانی خۆی تێکۆشابیّ..بەسەربەرزی بژی ، ناحەزان و دوژمنانی ن چاوچنۆکان و خوێن مژانی مێژوو .. پەلاماریان هێناوەتە سەر و درزیان خستۆتە نێوان ڕیزەکانی یەوە .هەر هیچ نەبیّ بە تیرۆریست وپیاوی بێگانە و جیابوونەوە خواز تاوانباریان کردووە

.بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم، ئەوسای عوسمانیەکان دەستیان بەسەر نیتمانی کورد و عەرەب وئەرمەن .. دادەڕۆی ، نە پێکهاتەی عێراق و عەرەبستان وەك ئێستا بوو، نە کوردستانیش وەك ئەمڕۆ وابوو .

ئەویٚ ڕۆژیٚ عەرەبستان بریتی بوو لە دەسەلاٚتی خدیچوەکانی میسر و هەرێمەکانی سوریا وبەغداو بەسراو حیجاز و بەیروت..

کوردستانیش بریتی بوو لە چەند ویلایەتێك کو ویلایەتی شارەزوور یەکێك بووە لەو ویلایەتانە وپایتەختەکەشی شاری کەرکوك بووە...

دوای لکاندنی کوردستانی باشوور بە عێراقی عەرەبی یەوە دوای حەفتا ساڵ زوڵم و زۆرداری ن دوای ماڵوێرانی و جینۆساید و ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ..ئیتر کاتی ئەوەوە هات باهۆزی دیموکراتی بەرەو هەرێمی ئێمەش هەڵ بکات .ئەوە بوو لە کۆتایی زستانی ١٩٩١دا ، گەل ڕاپەڕینی بەرپاکرد ولە بەهاری هەمان ساڵدا بە گەورەترین کۆڕەو ویژدانی مرۆڤ دۆستانی هەژاند . پاش بەهاناو بەهاوارەوە هاتنی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەرکردنی چەند بڕیارێکی مێژووی کو گرنگترینیان بڕیاری ٦٨٨ بوو، وردە وردە لەپاڵ سێبەری چەکوشی ئامادەو لە سایەیی نیمچە ئاشتیێەکدا ، لەگەڵ بڕیاری خۆیدا..کە بریتی بوو لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دواتریش جاڕدانی فیدرالیزم . بەلاٚم جارێکی تریش مافی چارەنووسی گەلی کوردستان کەوتە بەر پەلاری پیلان و تانەو توانجی جیابوونەوە خوازی . بۆ دەبیٚ میللەتیك بە شێوازێکی نوویێ دیموکراتیانەو کۆك لەگەڵ ڕەوتی مێژوو و گۆڕانکاریەکانی جیهان ، جووت لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتیەکاندا ، لە ڕێگای ئەنجوومەنی نیشتیمانی خۆیەوە چارەنووسی خۆی دیاری بکات .داوای ئاشتی و دیموکراتی و برایەتی گەلان بکات کەچی بە تیرۆریست و جیابوونەوە خواز ..

تاوانبار بکریٚ ؟! بۆ دەبیٚ هاوڕیٚ و هەڤاڵی بەر پیٚ ی پەت و قەنارەو سیاچاڵەکان دوای گەیشتن بە دەسەلاٚت لەهەموو بەڵێنەکانی خۆیان پاشگەز ببنەوە .....!؟

لەبیرمان ناچێتەوە حکومەتی (عبدالکریم قاسم) لەسالاٚی ١٩٥٩دا لە بڕیارێکدا ڕایگەیاند:

(هەموو کەسێك هێز یا زۆر بەکاربێنیٚ بۆ جیاکردنەوەی پارچەیەك لە عێراق یا نوساندنی بە دەوڵەتێکی بێگانەوە سزای مەرگە) .

ڕێك ئەم بڕیارە لاسای کردنەوەیەکی توندی ڕژێمی شاهەنشای ئێران بوو کە لە ١٩٣٠/٦/١٢ لە بەندی دووەمی (قانون مجازات مقدەمین بر علیه امنیت و استقلال مملکت)بڕیاری دابوو:

"هەرکەسێك، بەهەر جۆرێك بۆ جیابوونەوەی بەشێك لە ئێران یا بۆ زیان گەیاندن بەنەتەوایەتی یا سەربەخۆیی ئێران هەنگاو هەڵێنیٚ بەزیندانی هەمیشەیی لەگەڵ کارپێکردنی سەخت سزا دەدریٚ".

جیٚ ی سەرسوڕمانە هەموو ئەو ولاٚتانەی دەستیان بەسەر بەشێکی کوردستاندا دەڕوا بەناڕەوا بە بەشێکی ولاٚتەکەی خۆیانی دەزانن و لەڕێگای ڕاگەیاندنەکانیشەوە شیوەن بۆ موسڵمانەکانی ئەفغانستان و بۆسنەو هەرسك دەکەن فرمێسك بۆ براعەرەبەکانی فەلەستین دەڕێژن و یەخەی خۆیان بۆ تورکەکانی قوبرس دادەدڕن ! بەلاٚم لە ئاست نەتەوەی بەوەفاو برای ڕۆژی تەنگانەیان ن بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردستان بە پێچەوانەوە بیر دەکەنەوە ن ئەمە مانایی وانیە کە ئێمەی تەڕو وشك پێکەوە ئاگر بدەین .جیٚ ی خۆیەتی زۆر سوپاسی شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەو ودیموکراتخوازەکانی گەلانی دەوروبەر بکەین بەتایبەت ئەو تێکۆشەرانەی لە کۆبوونەوەکەی (پیرمام)دا بەبەرچاوی هەموو هاوسەنگەرانیانەوە بەبەر چاوی دۆست و دوژمنەوە بڕیاری فیدرالیزمیان پەسەند کرد .

له هه‌مان كاتدا .. هه‌موو كۆنه‌په‌رستان و ناحه‌زان له‌و ڕاستیه ئاگادار ده‌كه‌ینه‌وه دوور یا نزیك ئه‌و ڕۆژه هه‌ر دێ گه‌له‌كه‌مان له‌ڕێگه‌ی ڕیفراندۆمێكی ئازاده‌وه یا له‌ڕێگه‌ی نوێنه‌رانی دڵسۆزیه‌وه له په‌رله‌مان چاره‌نووسی خۆی دیاری ده‌كات ، یا بڕیاری یه‌كگرتنه‌وه‌ی كوردستان یا بڕیاری یه‌كیه‌تی ئاره‌زوو مه‌ندانه ده‌دات .

ئه‌گه‌ر له‌و سێ بڕیاره‌ی سه‌ره‌وه بڕیاری یه‌كه‌م و دووه‌م بوو به بڕیارێكی تری مێژوویی ئه‌وه خیانه‌ت وتاوان وجیابوونه‌وه‌خوازی نیه. چونكه جیا بوونه‌وه جیا بوونه‌وه‌ی به‌شێك له‌گشت ده‌گه‌یه‌نێ نه‌ك یه‌كگرتنه‌وه‌و وگه‌ڕانه‌وه‌ی به‌شێك بۆ لای گشت.با بڵێین ..ئێستا گریمان برا شیعه‌كانی خوارووی عێراق كه خۆیان عه‌ره‌بن بڕیاری جیابوونه‌وه بده‌ن بێشك ئه‌وه جیابوونه‌وه خوازی یه ن چونكه جیاكردنه‌وه‌ی به‌شێكه له‌گشت به‌ڵام ئه‌گه‌ر كوردستانی باشوور به‌پێ ی بڕیاری گه‌ل بیه‌وێ له‌گه‌ڵ به‌شێكی تری كوردستاندا یه‌كبگرێته‌وه جیابوونه‌وه خواز نیه ..(چونكه وه‌ك ئه‌وه وایه ئێستا دووبه‌شی لێك دابڕاوی نیشتمانی عه‌ره‌ب یه‌كبگرێته‌وه)چۆن ئه‌ومافه بۆ عه‌ره‌ب وبۆ تورك و بۆ ئه‌لمان ڕه‌وایه ، به‌هه‌مان شێوه بۆ كوردیش تاوان نیه .

# کورد له هەل ومەرجی ئەمڕۆدا چی دەوێ ؟

دیارە گەلی کوردیش وەك هەر گەلێکی تری وشیاری دنیا ، شارەزایی باشی لە مەیدانی سیاسی دا بەدەست هێناوە ..

کورد هەر لەکۆنەوە بەپێ ی هەل ومەرج وبارودۆخی ناوخۆیی ودەوروبەروسیاسەتی نێودەوڵەتی ، داواکاریەکانی خۆی داڕشتووە و خەباتی بۆ کردووە، هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە بەردی گەورە هەڵگرێ و بۆی نەوەشێندرێن هەردەم بەپێ ی بەرە پێ ی ڕاکێشاوە..

دیارە لەبارودۆخ وهەلومەرجێکی وەکو ئەمڕۆدا ، کوردیش ژیرانە ویستوویەتی مومارەسەی مافە ڕەواکانی خۆی بکات.. ئەویش لەدوای هەڵبژاردنی (ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان)بەباشی دەرکەوت کە بریتی بوو لە :

أ- دامەزراندنی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق .

ب- دەرچواندنی بڕیاری فیدراڵی وەك چاکترین شێوەی بەکارهێنانی مافی چارەی خۆنوسین ..

ئەم بڕیارەگرنگ ومێژووییەی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ، کەبەگشتی دەنگ دابووی ئەم ڕاستیانەی خوارەوەی دوپات کردەوە :

١-خەڵکی کوردستان وەك هەموو گەلانی دنیا خۆیان بەخاوەنی مافی چارەی خۆنووسین دەزانن ، بەلأم لەهەلومەرجی بابەتیو تایبەتی ئێستادا وبەلەبەرچاوگرتنی وەزعی ناوعێراق ودەوروبەر ، نوێنەرەکانی خەڵکی کوردستان پێییان وایە چاکترین شێوەی بەکارهێنانی ئەو مافە فیدرالە .

٢- خەڵکی کوردستان جیابونەوەی لەعێراق ناوێ ن داوای حکومەتی سەربەخۆی کوردستان ناکات، بەڵکودەیەوێ لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتدا بمینێتەوەو لەگەڵ برا عەرەب وتورکمانەکانی بەخۆشی و شادی وەك یەکی سیاسی وئابووری و کۆمەلأیەتی و خوێندەواری و هتد بژیت..

٣- خەڵکی کوردستان باوەڕیان بە برایەتی کورد و عەرەب وپێکەوە ژیانە هەیە لەگەڵ گەلی عەرەبی براودەسکەوتی ئەویش ڕەچاو دەکەن .

٤-خەڵکی کوردستانی عێراق نایانەوێت هیچ گیرو گرفت و گێچەڵێك بۆ دەوڵەتانی دراوسێ بنێنەوە بەڵکوخوازیاری دۆستایەتین لەگەڵیان.

٥-سەرکردایەتی خەڵکی کوردستان پەرۆشی ئاشتی وتەبایەتی یەتی لە ناوچەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست داو نایەوێ ئاژاوەو پشێوی بنێتەوە تێیدا ...

بەڵێ بڕیاری ژمارە(١٥)دەربارەی پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٩٢/٩/١٦ بڕیارێکی ئازایانە و مێژووی بوو کە جێ ی خۆیەتی نەوەکانی داهاتوو هەمیشە بەڕێزەوە یادی بکەنەوە :

# یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

**بەناوی خوای بەخشەندە و میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار:١٥**

**ڕۆژی بڕیار :١٦/٩/ ١٩٩٢ – ٢٥/گەلاوێژ/٢٦٩٢ ك**

## "بڕیار"

**بەپێ ی حوکمی بڕگە /١ ی مادده/٥٦ یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە /١ی ساڵی /١٩٩٢...**

**ئەنجومەن لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٢/٧/٨ ئەم یاسایەی خوارەوەی بڕیاردا :**

**یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق**

**ژمارە(٣)ی ساڵی /١٩٩٢**

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەم وشانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:**

**–ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق .**

**– سەرۆك:سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق**

**– وەزیر :وەزیری پەیوەندار لە هەرێمی کوردستانی عێراق .**

**– هەرێم : هەرێمی کوردستانی عێراق .**

**ماددەی دووەم :**

**ئەنجومەن باڵاترین دەزگای جێبەجێکردنە لە هەرێمدا ولە سەرۆك و جێگرەکەی و وەزیرەکان پێك دێ .**

**ماددەی سێیەم :**

**ئەنجومەن و هەریەکێ لە وەزارەتەکان، کەسایەتییەکی مەعنەوییان هەیەو خاوەنی گشت ئەو مافانەن کە لە یاسا ڕەچاوکراوەکاندا هەن .**

**ماددەی چوارەم :**

یەکەم : ئەوانەی بەسەرۆك وجێگری سەرۆك و وەزیر دادەنرێن،دەبێ مەرجەکانی ماددە(٢١)ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢یان تێدا بێ، جگە لەمەرجی تەمەن بۆ وەزیر کەدەبێ گەیشتبێتە بیست ویەك ساڵ تەمەنی .

دووەم:وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە کەلەبڕگە(٤)ی ماددە (٩)ی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ دا ناوی هاتووە، لادەبرێت(ئیلغا)دەکرێت .

**ماددەی پێنجەم :**

باوەڕدان بە ئەندامانی ئەنجومەن، یەکەیەکەو لەسەر خواستی سەرۆك دەبێ .

**ماددەی شەشەم :**

سەرۆك وجێگرەکەی وەزیرەکان، دوای باوەڕپێدانیان لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە ، لەبەردەمیدا ئەو سوێندە دەخۆن :

(بەخودای مەزن سوێند دەخۆم کە بەدڵسۆزی یەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم) .

**ماددەی حەوتەم :**

ئەنجومەن لە هەولێردا کۆدەبێتەوە .دەشکرێ لەکاتی پێویستدا وبە بڕیاری ئەنجومەن خۆی، لە شوێنێکی تردا کۆبێتەوە .

**ماددەی هەشتەم :**

ئەنجومەن خاوەنی ئەم دەسەڵاتانە دەبێ :

١- دانـانی سیاسـەتی گشـتی‌ی‌هەرێم و سەرپەرشـتی کردنـی بـەجیٚ هێنـانی بـەیٚی یاسـاو بڕیـارە ڕەچـاوکراوەکان، دوای بڕیـاردانی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە .

٢- پێشـنیازکردن وئامـادەکردنی پـڕۆژەی یاسـاکان و پێشـکەش کردنیـان بـە ئەنجومـەنی نیشـتمانی کوردسـتان بـۆ بڕیـار لەسەردانیان .

٣- ئامادەکردنی پرۆژەی پەیرەوەکان ودەرکردنیان .

٤- ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی گشتی هەرێم .

٥- ئامادەکردنی پرۆژەکانی نەخشەی گەشەپێکردنی هەرێم .

٦- قەرزدان ووەرگرتنی بە بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان .

٧- جیٚبـەجیٚ کردنـی یاسـاکان وپاراسـتنی ئاسایشـی هـەرێم وپارێزگاری کردن لە مافەکانی

هاولاٌتیـان و مـالٌ وموٌلکـە گشـتی‌یەکان و بەرژەوەندیـەکانی گـەلی کوردستانی عێراق

٨-ڕێنیشـاندان و سـازکردن وبەدواداچـوونی کـارو فـەرمانی وەزارەتەکان ودایەرەکانیان ودام ودەزگا گشتی‌یەکان .

٩-چـاودێری کردنـی ڕەوایـی ئـەو ڕێنماییانـەی وەزارەتـەکان و دام ودەزگاکانیان دەری دەکەن .

١٠-دەرکردنـی بڕیـاری بـەڕێکردن وبـەجێهێنانی بـە پـیٚ ی یاسـا ڕەچاوکراوەکان وچاودێری کردنی چۆنیەتی بە ئەنجام گەیاندنیان .

١١-دامەزراندنی فەرمانبەران وبەڕێوەبەرەگشتی‌یەکان ودەرهاویشتن ولە کارخستنی وخانەنشین کردنیان بە پیٚ ی یاسا .

١٢-بـەدەر لـە برگـەی (١١)ی پێشـوو، دامەزرانـدنی خـاوەن پلـە تایبەتیەکان و سەرۆکی وەحدە

**ئیداری یەکان و دادوەرەکان وئەندامانی دەزگای(داواکاری گشتی)، بە پێشنیازی وەزیری پەیوەندار بڕیاری ئەنجوومەن ودواجار بە بڕیاری لایەنی پەیوەندار بەپیٚ ی یاسا ڕەچاوکراوەکان دەبێت .**

**ماددەی نۆیەم :**

**أ/ هەر وەزیرەو بەپیٚ ی کاری خۆی ، ئەم وەزارەتانە بەڕێوە دەبەن :**

**١. وەزارەتی ناوخۆ**

**٢. وەزارەتی دارایی وئابووری**

**٣. وەزارەتی دادوەری .**

**٤. وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە .**

**٥. وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن .**

**٦. وەزارەتی یارمەتی ومرۆڤایەتی وهاوکاری .**

**٧. وەزارەتی پیشەسازی ووزە .**

**٨. وەزارەتی ڕۆشنبیری .**

**٩. وەزارەتی پەروەردە .**

**١٠. وەزارەتی شارەوانی وگەشت و گوزار .**

**١١. وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەلاٌیەتی .**

**١٢. وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجیٚ کردن .**

**١٣. وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان .**

**١٤. وەزارەتی کشتوکالٌ و ئاودێری .**

**١٥. وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی .**

**ب/دەشیٚ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق چەند وەزیری هەرێمی تیادابن .**

**ماددەی دەیەم :**

دەزگایـەك بۆ خوێنـدنی بـاڵاو توێژینـەوەی زانسـتی پێـك دەهێنـرێ و بەدەستەی سـەرۆكایەتی وەزارەتـەوە دەبەسـترێتەوە ، كاروباریشـی بـە پێ ی پەیرەوێكی تایبەتی ڕێك دەخرێ .

**ماددەی یازدەیەم :**

١. لـە حاڵـەتی لادانـی سـەرۆكدا یـا وازهێنـانی یـاخود وازهێنـانی زۆربـەی ئەنـدامانی ئەنجوومـەن ن وا دادەنـرێ كـە وەزارەت وازی لەكار هێناوە ، بەڵام ئەگەر وەزارەتەكە هاوپەیمانی بوو لە نێوان دوو دەستە سەرەكیەكەی ناو ئەنجومەنی نیتمانی كوردستان داو ئەگــەر وەزیرانــی هەرلایــەكیان بەكۆمــەڵ لــە وەزارەت كشــانەوە ،وادادەنرێ كە وەزارەتەكە وازی لەكار هێناوە .

٢. ئەنـدامانی ئەنجوومـەن تـا كـاتی پێكهێنـانی وەزارەتێكـی نـوێ، لەسەر بەڕێوەبردنی ئەركە ڕەسمیەكانیان بەردەوام دەبن .

**ماددەی دوازدەیەم :**

گفتوگۆی ئەنجومەن نهێنی دەبێ ، بڕیارەكانی بە زۆربەی دەنگ و بە ئامـادەبوونی زۆربــەی ئەندامــەكانی دەری دەكـات ، ئەگــەر ژمــارەی دەنگەكان وەك یەك بوونن بڕیاری ئەو لایە جێگیر دەبێ كە سـەرۆكی لەگەڵدا دەبێ ئاشكراكرنی بڕیارەكانیشی بە ڕێ و شوێنێك دەبێ كە خۆی دەستنیشانی دەكات .

**ماددەی سێزدەیەم :**

وەزیرەكان سەبارەت بە سیاسەتی گشتی وەزارەتەكان ن بە هاوبەشی لەبـەردەم ئەنجومـەنی نیشـتماندا بەرپرسـیارن ن بـەڵام سـەبارەت بـە كاروبـاری هـەروەزارەتێك ، وەزیرەكـەی خـۆی لەبـەردەم ئەنجوومـەنی وەزیراندا بەرپرسیارە .

**ماددەی چواردەیەم :**

سەرۆکی ئەنجومەن یا جێگرەکەی یا هەر وەزیرێك، نابیٚ لەو ماوەیەدا لەسەر ئەم کارانەیانن هیچ پیشەیەکی سەربەست یا ئیشێکی بازرگانی یا دارای یا پیشەسازی یا هەر کارێکی ئابووری تربکەن. هەروەك نابیٚ هیچ شتێك لە ماڵ وموڵکی گشتی بکڕن یا بەکریٚ بگرن ن یاخود شتێك لە ماڵو موڵکی خۆیان بەکریٚ یا بەفرۆشتن یا بە ئاڵوگۆڕ بدەن بە دەوڵەت .

**ماددەی پانزەیەم :**

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بۆی هەیە هەر وەزیرێك بدا بەدادگان سەبارەت بە تاوانێك کە لەکاتی بەجیٚ هێنانی فەرمانەکەی یا بەهۆیەوە درابێتە پاڵی ، پێشنیازی درانە پاڵەکەی دەبیٚ بەلایەنی کەمەوە لە لایەن چواریەکی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانەوە بیٚ و بڕیاری بە دادگادانەکەی لە لایەن دوو لە سیٚ بەشی ئەندامانی یەوە، ئەوساتەو کاتی یەکلاکردنەوەی مەسەلەکەی دەستی لەکار دەکێشرێتەوە .

**ماددەی شانزدەیەم :**

هەر وەزیرێك کە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان نییە ،بۆی هەیە لە هەر کۆبونەوەیەکدا ئامادەببیٚن بیٚ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبیٚ.

**ماددەی حەڤدەیەم :**

١. لە حاڵەتی ئامادە نەبوونی سەرۆکدا جێگرەکەی جێگەی دەگرێتەوە .
٢. لە حاڵەتی چۆڵ بوونی جێگەی سەرۆکدا ن جێگرەکەی تا کاتی دانانی سەرۆکێکی نویٚ کە دەبیٚ لەماوەی پانزدە ڕۆژدا دابنریٚ ، جێگەی دەگرێتەوە .

**ماددەی هەژدەیەم :**

موچەی مانگانەی هەر یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و مافی خانەنشین یان بە یاسایەکی تایبەت دەست نیشان دەکرێ .

**ماددەی نۆزدەیەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڕیاردانی‌یەوە کە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٧/٩ ی کرد کار پێ دەکرێ .

**ماددەی بیستەم :**

ئەم یاسایە لە یەکەم ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە .

***جەوهەر نامق سالم***

***سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق***

# بڕیاری فیدرالی

## یـــەکێکی تــر لـــە بڕیـــارە مێژوویـــەکانی ئەنجومـــەنی نیشـــتمانی کوردســـتان بڕیـــاری ژمـــارە(٢٢)ی ســـاڵی ١٩٩٢ بوو کە ئەویش بڕیاردان بوو لە سەر بەرنامەی ڕاگەیاندنی فیدراڵی ...

**بڕیاردان لە سەر بەرنامەی ڕاگەیاندنی فیدراڵی**

**بەناوی خوای بەخشەندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار:٢٢**

**مێژووی بڕیار:١٩٩٢/١٠/٤ – ١٢/ڕەزبەر/٢٦٩٢ ک**

**" برار"**

**بە پیێ ی حوکمەکانی بڕگەی ٢لە ماددەی/٥٦ی یاسای ژمارە /١ی ساڵی ١٩٩٢ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە/٣٨ی ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٤دا ئەم بڕیارەی دا:**

**یەکەم:**بڕیاردان لەسەر بەرنامەی ڕاگەیاندنی یەکێتی فیدرالی لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقەوە لە

ڕۆژی ٤/١٠/ ١٩٩٢ دا پێشــکەش کــراو دانــانی بــە (دیباجــە)و پاڵپشتی قانوونی بۆ ئەم بڕیارە لەبەر ئەو ناوەڕۆك وڕوداوە مێژووی و سیاسی وقانوونیانەی تیایدان .

**دووەم**:دەستنیشــانکردنی پەیوەنــدی یاســایی لەگــەڵ دەســەڵاتی ناوەندی دا هەڵبژاردنی جێ وشوێنی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراق و گەلەکەی، بەپێ ی مافی ڕەوای خۆی لەچارەی خۆنوسین لەم پلە مێژوویەدا ، لەسەر بنچینەی یەکێتی فیدرالی لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانی ئەوتۆدا کە باوەڕی بە فرە حیزبی هەبێ و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤــ بگرێ کە لە پەیمان وباوەڕنامە نێودەوڵەتیەکاندا دانیان پێدانراوە .

**سێیەم**: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێویستە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات .

***جەوهەر نامق سالم***

***سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق***

# بەياننامەی ڕاگەياندنی يەكێتی فيدراڵی

كەجەنگی جيهانی يەكەم تواو بوو، نەتەوەی كورد وەك هەموو ئەو نەتەوانەی لەژێر باری دەسەڵاتی عوسمانی دابوون، بە ئاواتی ئەوەوە بوو قەوارەيەكی تايبەتی بۆ خۆی دروست بكاو لەوێدا گەورەی خۆی بێ ، بەڵام بەرژەوەندی هەمەلايەنی هێزە سەركەوتووەكانی ئەو جەنگە كە كليلی كارو چارەسەريان بەدەستەوە بوون نەك هەر ئەم نەتەوە كۆنەياتن لە مافی ڕەوای سەربەخۆ بوون بێ بەری كرد بەڵكو لە نێوان پێنج قەوارەی دراوسێشدا دابەشيان كردو گوێيان نەدايە ناڕەزايی وشۆڕشەكانی ئەم نەتەوە زوڵم لێكراوە ،يا دوو ماددەی (٦٢و٦٤)ی بەشی چوارەمی پەيبمانی سيڤەری (١٠)ی ئابی ١٩٢٠ يش دانی بە مافی ئۆتۆنۆميەكی نەتەوەی كورددانابێ كە لە ساڵێكدا ببێ بە سەربەخۆی تەواوی دەوڵەتێكی كوردی ئەوتۆ كە هەموو بەشەكانی كوردستان بەو كوردستانەی خواروشەوە بگرێتەوە كە لەمەودواو پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بە كوردستانی عێراق ناسران بەمەرجێ دانيشتوانی بيانەوێ بچنە ناو ئەو دەوڵەتە سەربەخۆيەوە .

بەڵام ئەو ئاواتە لە پەيمانی لۆزاندا لە (٢٤)ی تەمموزی ١٩٢٣دا،لەبار براو ئەو بەشە لە (١٦)ی كانوونی يەكەمی ١٩٢٥(كۆبوونەوەی ٣٧)دا ، خرايە سەر ويلايەتی موسڵی عێراق نهەرچەندە ئەو ليژنەيەی كۆمەڵەی نەتەوەكان دروستی كردبوو لە لاپەڕە (٥٧)ی ڕاپۆرتەكەيدا دانی بەوەدانابوو كە(ڕاستی باری دانيشتوانی بەرەو دانان بە دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردمان دەبا كە پێنج لە هەشتی ٨٥)دانيشتوانن.

كۆمەڵەی نەتەوەكان ئەوەندەی پێ بەس بوو كە كورد مافی بەشدار بوونی كارگێری و دادوەری ودەستگاكانی زمانيان هەبێ، بەم جۆرە

سەرەڕای شۆڕشی کوردستانی خوارو بە سەرکردایەتی شێخ مەحمودی نەمر ودان پێدانانی حوکمدار لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٢ دا ئەم بەشەی کوردستان بەزۆر و بێ گوێدانە خواستی دانیشتوانی خرایە سەر ئەو دەوڵەتە عێراقەی کە تازە دروست بوو بوو .

حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا هەوڵی ئەوەی دا بەبەڵێنێك گەلی کورد دڵنیا بکا، ئەوە بوو لەگەڵ ئەو حکومەتەی عێراقدا –کەلەژێر ئینتیدابی بەریتانیا دا بوو–پێکەوە لە دەربرینی ڕەسمیاندا دانیان بەوەدانا کە ئەو کوردانەی لە سنووری عێراقدانن مافی دروستکردنی حکومەتێکی کوردی یان لەناو ئەو سنوورەدا هەیە، هەردوو حکومەت ئاواتیان ئەوەیە کەسانی کورد لە جیاوازی ببورن و لەسەر ئەو شێوەیەی ئەو حکومەتەو سنووری ڕێك بکەون نوێنەری دەسەڵاتداری خۆیان بنێرنە بەغدا بۆ وتووێژ دەربارەی پەیوەندی سیاسی وئابووری لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیاو عێراقدان بەڵام ئەم پە یمانە هەر بەنووسراوی مانەوە ونەهێنرانە دی .

لە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ١٩٣٢/١٠/٣ دا عێراقی بە ئەندام وەرگرت ن مەرجی ئەو ئەندامێتی یە ڕازی بوونی عێراق بوو بەو مەرجانەی کۆمەڵەی نەتەوەکان دایبنابوون. ئەوەش ئەومەرجە ناودەوڵەتی یانە بوون کە لە شازدە بڕگەی دەربرینی (٣٠)ی مایسی ١٩٣٢ ی حکومەتی عێراقدا دەربڕدرابوون و لەو مەرجانەدا ڕێزگرتنی عێراقی لە مافی مرۆڤی وڕۆشنبیری وکارگێڕی کورد و ئەو کەمەنەتەوییانەی تێیدا بوو کە لیواکانی : موسل،هەولێر،کەرکوکدا دەژین.

ئەم دەربڕینە هێشتا کاریگەرە چونکە هەموو ئەو ماف وئەرکانەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ئەستۆی گرتبوون و لە پەیمان وئینتیداب و دەربڕینەکانەوە دروست بوون بەپێ ی دوا بڕیاری ئەنجومەنی

کۆمەڵەی نەتەوەکان لە (١٨)ی نیسانی ١٩٤٦ دا خراونەتە ئەستۆی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانن ماددەی (١٦)ی ئەو دەربڕینەشی بە ئەرکی عێراقی زانیوە کە ئەو بڕگانە بەجێ بێنێ و بەهیچ یاسایەکی ناوخۆ بە پێچەوانەی ئەوانەوە کارنەکاو بەهیچ جۆر ئەو بڕگانە بەرێکەوتنی نێوان عێراق و ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەزۆری دەنگ نەبێ، نەگۆڕدرێ، هەروەك بڕیار لەسەر ناکۆکی را لەبارەی لێکدانەوەی بڕگەکانی ئەو دەربڕینەوە درایە دەست دادگایی هەمیشەی دادی ناو دەوڵەتان ، بەم جۆرە سەربەخۆی عێراق ویەکێتی زەوی ئەو بەستراون بەڕێزگرتنی عێراق لە بڕگەکانی دەربڕینە، بەڵام حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بە شێوەیەکی ئاشکرا خۆیان لەم پەیوەندی وئەرکانە لادا .

ئەم لادانەش لە بڕیاری ژماری (٦٨٨)ی ١٩٩١/٤/٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی ناودەوڵەتاندا و لە بڕیاری لیژنەی مافی مرۆڤی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکاندا وئەنجومەنی ئابووری وکۆمەڵایەتی لە خولی (٤٨)و بڕیاری ژمارە(٧١)ی ٥/ئازار/١٩٩٢ دا سەلمێندراوە.

مێژووی گەلی کوردی ئێمە لە عێراقدا پڕە لە ڕاپەڕین وشۆڕش، لە ١١/ئەیلول/١٩٦١ دا ئەم گەلە جارێکی تر... دەستی دایەوە چەك، چونکە حکومەتی عبدالکریم قاسم پەیمانی خۆی بەجێ نەهێنابوو وە لە ماددەی سێیەمی دەستووری کاتی پاش شۆڕشی ١٤/تەمموز/١٩٥٨ لایدابوو کە لەوێدا عەرەب و کورد بە هاوبەشی دانرابوون لە عێراقی نیشتماندا .ئەو شۆڕشە شۆڕشێکی نەتەوەیی بوو داخوازی گەلی ئێمە وئاواتی ڕەوایی دەردەخست، ئەوە بوو ئاکامەکەی ڕێکەتننامە مێژووی یەکەی ١١/ئازار/١٩٧٠ و داننان بە ئۆتۆنۆمی بوو بۆ گەلی کورد و چەسپاندنی لە دەستووری کاتیدان ئەگەر چی حکومەتی عێراقی دەقی بەیاننامەکەی وەها جێبەجێ

نـــەكرد كەلەگـــەلێ خواســـت وئـــاواتی گەلەكـــەمان وجەوهـــەری ڕێكەوتننامەكەدا بگونجیێ.

ئینجــا ســـەرەڕای نوشســـتیەكانی ســـاڵی ١٩٧٥ پـــاش پلانێكـــی ناودەوڵـەتان كـە ئـەنجامی مـۆركردنی پـەیمانی جـەزائیر بـوو لەوێـدا( صدام حسين )بەشێك لە خاكی عێراقی لـەبڕی دامركانـەوەی شۆڕشـی كورد فرۆشتن گەلی سەربەرزی ئیبچمە خێرا دەستی دایـەوە شـۆڕش و لـە خـەباتی خۆیـدا بـەردەوام بـوو وە بـۆ هـەموو جیهـانی سـەلماند كـە گەلێكی سەربەرزە وكۆڵنادا .

پەیمانی نەتەوە یەكگرتووەكان ئەوەی جێگیر كردووە كە نابیێ مرۆڤـــ لە مافە بنەڕەتیەكانی بیێ بەری ببیێ و دانی بـە سـەرفرازی هـەموو تاقـە كەسێك وسـەرەنجامیدا بـە مـافی چونیەكی پیـاو وژن وگـەلانی گـەورە وبچوكدا ناوە .

(ســـەرەتای پەیمانەكـە-مەبەســتەكان)وەك لـــە بڕگـــەی(٢)ی بەشـــی یەكەمــدا نوســراوە دان بە(دامەزرانــدنی پەیوەنـدی دۆســتانەی نـــاو نەتەوەكان لەسەر بنەڕەتی ڕێزگرتن لە ڕێبازی چۆنیەكی گەلان لەمافی خۆیاندان مافی چارەنووس بوونیان )دانراوە .

ئەو دوو پەیماندانەی لە ئەنجومنـەنی گشتی نەتەوەیەكگرتووەكانـەوە لـە سـاڵی ١٩٦٦دادراوە و عێـراق دوایـی لـە ١٩٧١/١/٢٥ دا چـووە پـاڵی ولەوێدا بە دڵنیایی دان بـە (مـافی چارەنووسـی هـەموو گـەلان و مافی جێگیر كردنی مەركەزی سیاسی)یدا نراوە .

هـەروەك مـاددەی دووەمـی پـەیمانی نەتەوەیـەكگرتووەكان ئـەو ڕیێ و شــوێنەی دەســت نیشــانكردووە كــە ئــەم ئەنجومەنــە بــۆ گەیشــتنە مەبەست پێرەویان دەكا-مـاف وئیمتیـازی ئەندامانی دەزگـای نەتـەوە یـەكگرتووەكانی بـە ئاسـایی بەسـتووە بـە (ڕێزگـرتن لـە سـەروەرێتی

یـەكێتی زەوی –بـەپیٚ ی پەیمانەكـەوە بەسـتیویەتی بـە بـەجێهێنانی ئەركی ئەنداماندا)بە پیٚ ی ئەو پەیمانە .

خۆ ئەگەر بە ڕەفتاری حكومەتەكە یەك لەدوای یەكەكانی حكومەتی عێراق بە گەلی كورد دا بچینەوە هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لـە سـاڵی ١٩٢١دا هـەتا ئێـستا كـە دەبیـنین دیـارترین نیشـانە بـەو ڕەفتـارەوە هـەر داپڵۆسین وچەوساندنەوەو دەربـەدەركردن وبـیٚ بـەش كردن بووە لە ساكارترین مافی مرۆڤایـەتی وڕۆشـنبیری وكۆمەڵایـەتی وتەنانــەت مــافی ژیانیشــن جگــە لــە بــیٚ بەشــكردنی لــە مافــە سیاسیەكانیش ئەمانەش هەموو بە شێوەیەكی وەها ڕێك و پێك كراون و ڕوو لە پەرەسەندن وبوون كە وێرانكاری سەرباری مرۆڤــ ، زەرعـات و مـاڵات وسروشـت وئاژەڵیشـی گرتۆتـەوە ، ئینجـا حكومـەتی عێـراق چەپەڵترین شاڵاوی قەڵاچۆكردنێكی ئەوتۆی كـردە شـای ڕەفتارەكـانی كە مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژووی دێرینی ،وێنەی بەخۆیەوە نەدیوە:

١. گرتنـی زیـاتر لـە هەشـت هـەزار كەسـی بێگونـاە لـە بارزانیـەكان لـە شـــەوێكی ئەنگوستەچـــاوی ســـاڵی ١٩٨٣ داو كەهـــەتا ئێســـتا چارەنووسیان نەزانراوە.
٢. دورخستنەوەی زیاتر لە (٣٠٠٠)كوردی فەیلی بۆ دەرەوەی عێراق لەماوەی ١٩٧٠–١٩٨٨ داو گرتنـی زیـاتر لـە (٧٥٠٠)لـە لاوانیـان و بڕای بڕ شوێن ون كردنیان .
٣. قەڵاچۆكردنی زیاتر لـە (٥٠٠٠٠)لـە ژن و منـداڵ وپـیری بیٚ گونـاە بە چەكی كیمیاوی گازی ژەهراوی لە شاری هەڵەبجەی شـەهیدا لـە ڕۆژی١٩٨٨/٣/١٦ ، هـەروەها كەسانێكی زۆری تـر لـە بالیسـان و چەند ناوچەیەكی تری كوردستان .
٤. شـــاڵاوێكی دڕندانـــەی ئـــەوتۆ كـــە لەگشـــت ژمـــارە باڵاكـــانی لـــە زۆروجـــەور وجانەوەرێتیـــدا تێپەڕانـــد، لەوەودواكـــە كـــەناوبرا بـــە

ئەنفالە بەدناوەکان وە کە زیاتر لە سەدوهەشتاهەزاری بێگوناه تیایدا بوونە قوربانی ئازاردان وبرسێتی وهەتك کردن و زیندەبەچاڵکردنی بەکۆمەڵ .

٥. خاپورکردنی زیاتر لە (٤٥٠٠)گوند کەدەگەنە ٩٠٪ دێهاتی کوردستان.

بەم جۆرە تەنانەت کەمایەتیەکانیش لە تورکمان و ئاشووری وئەوانی تر ، بە دوور نەبوون لە داپڵۆسین و قەڵاچۆکردن کە ئەمانە بەپێ ی بنەماکانی قانوونی نێودەوڵەتی جەریمەی جەنگ وجەریمەی دژ بەمرۆڤایەتین . بەهەرحاڵ حکومەتەکانی جیهان کە بۆماوەیەکی دور ودرێژ بەرانبەر بەوجەریمە چەپەڵانە بێ دەنگ بوون ، نەیانتوانی هاواری گەلەکانیان کپ بکەنەوەو سۆز و جۆش و خرۆشیان قەدەغە بکەن کاتێ کە لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە بەسەرهاتی کۆڕەوە بێوێنەکەیان چ لە ژمارە وچ لە کارەساتە دڵتەزێنەکانیدا دەدی کە دوای نوچدانی ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی بەهاری ١٩٩١ ڕوویدا .

بەم جۆرە جیهان بۆ یەکەمجار لەدوای پەیمانی سیڤەرەوە ن سەرلەنوێ وشەیەکی دادپەروەرانە دەرهەق بە کورد ووت ، کاتێ بڕیاری ژمارە ٦٨٨ لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەرچوو کەزۆر بەڕوونی داپڵۆسینی کوردی گوناه بار کرد و ئینجا بەدوایدا ، ناوچەیەکی پارێزراو لە بەشێکی کوردستانی عێراقدا دامەزراو بەڵێن درا کە کوردی تێدا لەڕووی دەستدرێژیەکانی ڕژێمی عێراقدا بپارێزرێ . گەلەکەمان سەرەڕای ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەو شالاوانەی بۆ لەناوبردنی دەکرانە سەری هەردەم بە قبوڵکردنی هەرنیشانەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی ، دڵسۆزی و نیازپاکی خۆی نواندووە .

لەوانــە گفتوگــۆی ســاڵی ١٩٦٣ وە بەیاننامــەی ١٩ی حــوزەیرانی ١٩٦٦ وە گفتوگۆی ساڵی ١٩٤٨ وە چەندین تەقەلای تر بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتیانە لەگەڵ ڕژێمدا .

بـەلأم ئـەم نیازپاکییـەی لـە گشـت حاڵەتێکـدا هـەر بـە غـەدر وناپـاکی وخۆدزینەوە لەو ڕێکەوتننامانە کراون .

دوا تاقیکردنەوەش لەم بوارەدا گفتوگۆی ساڵی ١٩٩١ بوو کە ڕژێمـی عێراق پاشەکشەی لە بەڵێنەکانی سـەرەتای گفتوگۆکـەی کـرد و دواتـر دایەرەکانی حکومەتی کشاندەوە و ئابڵوقەی ئابووری

بەسەر کوردستاندا سەپاند کە گەلەکەمان ناچار بوو بە بڕیاری بـەرەی کوردسـتانی بـە پـێ ی دەسـەلأتی (کـاری کـردە-الامـر الواقـع - DE FACTO)لـەو وەختـەدا ، پەنابەرێتـە بـەر هەڵبـژاردنێکی پەرلـەمانی سەربەسـت کـە ئـەوە بـوو لـە ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ بەشـێوەیەکی زۆر جــوان کــراو گەلەکــەمان لەناوچــە ئازادکراوەکــانی کوردســـتاندا ، بەوپـەڕی سەربەسـتیەوە نوێنـەرانی خـۆی بـۆ ئەنجومـەنی نیشـتمانی کوردستان هەڵبژارد، ئینجا یەکەم حکومەت بۆ هـەرێمی کوردسـتان لـە ١٩٩٢/٧/٥ دا بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـایی یـە ئیدارییـە وە بـاوەڕی ئەو ئەنجومەنەی وەرگرت .

یاســای ژمــارە(١)ی ســاڵی ١٩٩٢ (یاســای ئەنجومــەنی نیشــتمانی کورســـتانی عێــراق )لــە بڕگــەی ٢ی مــاددە (٥٦) یــدا ســەبارەت بــە ئەرکەکانی ئەنجومەن دەڵێ: (بڕیاردانی مەسەلە چارەنوسیەکانی گەلی کوردستانی عێـراق و دەست نیشـانکردنی پەیوەنـدی قـانوونی لەگـەڵ دەسـەلأتی ناوەنـدیـدا ، جـا بـۆ پاراسـتنی یـەکێتی نیشـتمانی عێـراق وەپتــەوکرنی وە بــۆ پارێزگــاری کــردن لــە برایــەتی مێــژووی نێــوان هــەردوو گــەلی کــورد و عــەرەبی بــرا و بــۆ مســۆگەرکردنی بــەردەوامی چەسپاندنی جێگای بالأی .

وەهەروەها بەگونجاوی لەگەڵ بڕیاری ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە ڤیەننا وە لە کوردستان کە بە تێکڕای ڕێککەوتن بنەمای قاننونی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی بەرژەوەندی هەردوو گەلی کوردوعەرەبی برادا بسەلمێنن ولەگەلیدا مافی نەتەوەی ڕۆشنبیری وئیداری بۆتورکمان وئاشوری دان پێدا بنێن وە لەتەکیاندا بەگشتی مسوگەرکردنی یاساکانی لەماف ولەئەرکدا بۆهەمان لە دەستور تۆمار بکەن .ئەوەتا ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق ،بەناوی گەلی کورستانی عێراقەوە ئەرکی سەرشانی بەجێ دێنێ و بەپێی مافی چەسپاوی خۆی کە لەو پەیمان و باوەرنامەی سەرەوەدا سەبارەت بەچارەی خۆنوسین دیاری کراوەو ئیشارەتمان پێدان ،ڕادەگەیەنێ کەبە تێکری دەنگ بریاری چارەی خۆنوسین ودەست نیشان کردنی پەیوەندی قانونی لەگەل دەسەلاتی ناوەندی‌دا لەم پلەیەی مێژودا ،لەسەر بنچینەی فیدرالی لەچواچێوەی عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانیدا دەدا بەشێوەیەك کەسیستەمی رەحیزبی دابین بکاو ڕێز لەو مافانەی مرۆۋ بگرێ کە لەپەیمان و باوەرنامە نێو دەولەتیەکاندا سەلمێنراون .

**ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان**

**١٩٩٢/١٠/٤ هەولێر**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجومەنی نیشتیمانی کورستانی عێراق**

**ژمارەی بریار:٢٣**

**مێژوی بریار :١٩٩٢/١٠/٦**

**١٤/ڕەزبەری/٢٦٩٢ ك**

**"بریار"**

**بەپێی حوکمی برگەی /١و٢ لەمادەی /٥٦ ی یاسای ژمارەی /١ی ساڵی /١٩٩٢،ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ژمارە /٣٩ی ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٦دا ئەم بریارەی دا :-**

**یەکەم : دەسەلاّتی پەیوەندیدار لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا بەردەوام دەبیّ لەسەر کارکردن بەئەرکەکانی دەسەلاّتی فیدراڵی (یەکێتی)ولەهەر کارێکدا پەیوەندی بەهەرێمی کوردستانەوە هەبێت جێگەی دەگرێتەوە،تا ئەو کاتەی حکومەتی ناوەندی بەبریاری ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق ژمارە(٢٢)ی ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٤ قایل دەبیّ ودان بە ئەرکە دەستوریەکانی دەسەلاّتی هەرێمدا دەنیّ .**

**دووەم:گشت وەزارەتەکانی هەرێم پێویستە ئەم بریارە جێبەجیّ بکەن.**

**جەوهەر نامیق سالم**

**سەرۆکی ئەنجومەنی کوردستانی عێراق**

**له كۆتايى دا**

وەك بينيمان گەلى كورد دواى‌دەيان سالْ خەبات و تێكۆشانى دواى ڕاپەڕين ورزگاربوونى بەشێكى كوردستان و هەڵبژاردنى پەرلەمان و ڕاگەياندنى فيدرالى و پێكهێنانى حكومەتى هەرێمى كوردستان و كاركردن لە پێناو ئاشتى وديموكراتى و مافى مرۆڤدا ، هەربرايەتى كورد و عەرەبى گەرەكە كەچى نەيارانى بەردەوامن لەسەر پيلان گێڕان لە دژى ، لە پێناو نەگەيشتن بە هەموو ئامانجەكانى ، هێشتا سياسەتى ئابلوقەى ئابوورى وشەڕانگێزى وملنەدان بۆ ديموكراسى وپێكەوە ژيان ، خۆى لە چەندين پێشێلكارى وەك ڕاگواستن وبەعەرەب كردن وپاكتاوى نەژادى لە ناوچەكانى خانەقين و كەركوك ومەخمور و موسلْ وشێخان ...دا دەبينێتەوە .

جىْ ى خۆيەتى داگيركەرانى خاك ومافى چەوساوەترين گەلى سەر گۆى زەوى ، بەخۆياندا بچنەوە،

چيتر سوارى حوشترى هار نەبنەوە وملى بۆ ئاشتى وبرايەتى گەلانى عێراق وپێكەوە ژيان و ئاوەدانكردنەوەى وڵات بدەن ...

هەتاكو پێكەوە لە وڵاتێكى بىْ زوڵم و زۆر وچەوسانەوە بە ئازادى ووەك يەكى ، ژيانى ئاسودە بەسەربەرين .

ئەگەر نا ئۆبالْى پارچەپارچەبوونى عێراق دەكەوێتە سەرئەوان وكورديش ناچار دەبێت ڕۆژىْ لە ڕۆژان هەڵوێستێكى ترى شۆڕشگێرانە وەرگرىْ .

دوبارەى دەكەينەوە(كورد نەلكاندنى زۆرەملىْ ى دەوىْ و نە جيابوونەوە خوازيشە) ...

**سەرچاوەکان :**


١. **ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ ژ(**١١١٥**)ساڵی** ١٩٩٥ .

٢. **هــەڤاڵ مــام جــەلال : ڕاپــۆرتی سیاســی کــۆنگرەی دووەمــی یەکێتی نیشتمانی کوردستان .**

٣. **کــۆی یاســاوبڕیارەکانی ئەنجومــەنی نیشــتمانی کوردســتانی عێراق بەرگی یەکەم**١٩٩٧/ل١٥٢ .

٤. **هەمان سەرچاوەی پێشوو/ل**٢٦٨ .

٥. جلال طالباني /اغد ديموقراطي ام حرمان شعب حتى من حق الحلم/١٩٩٠ .